پێشبینی دەکرێت شەپۆلی باران بارینی چڕ بگاتە تەواوی شارەکانی هەرێمی کوردستان

پێشبینی دەکرێت شەپۆلی باران بارین بگاتە تەواوی شارەکانی هەرێمی کوردستان و شارەزایانی بواری کەشناسیش هۆشداری دەدەن لە بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەی هەرێمی کوردستانیش، پێشبینی ئەوەدەکات شەپۆلی بارانبارین ئەمڕۆ فراوانتر ببێت و چەقی بارانەکەش درەنگانی ئەمشەو بۆ ئێوارەی یەکشەممە دەبێت و پێشبینیش دەکرێت لە هەندێک شوێن نزیکەی 40 ملیمەتر باران ببارێت.

لای خۆشیانەوە بەرگری شارستانیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایدگەیەنێت، ئەوان لە ئامادەباشی تەواودان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر حاڵەتێکی نەخوازراو.

لە ڕاگەیەنراوەکەی بەرگری شارستانی هەرێمی کوردستاندا ئەوەشخراوەتەڕوو: گشت هێزەکانی بەرگریی شارستانی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان لە ئامادەباشیی تەواودان بۆ هەر ئەگەرێک و پێشهاتێکی لەناکاو.